## کاتژمێرێکی سمارتی کلاسیکی



کۆمپانیـای LG هەرچەنـدە چالاکییەکانـی وەك پێشـوو نییـە، بەڵام ئـەم ماوەیە نوێتریـن کاتژمێری سـمارتی خـۆی خسـتەڕوو، کاتژمێرێکی hybrid بەرهـەم هێنـا. بەرلـە هەمـوو شـتێك وشـەی (hybrid) بـەو مانایـە دێـت کـە ئامێرەکـە لەشـێوازدا وەك ئامێرەکانـی پێشـوو دەچێـت، بەڵام تەکنەلۆژیـای نوێی تێدا بەکارهاتـووە، بـۆ نموونـە کاتژمێـری hybrid واتـە کاتژمێرێـك هـەروەك کاتژمێرێکی ئاسایی کلاسیکی دەچێت، بەڵام ئەرکی کاتژمێرێکی هۆشـمەندیش ئەنجام دەدات.

کاتژمێـری جـۆری LG Watch G7 کـە وەك لـە وێنەکـەدا دەدرکەوێـت، پێکهاتوە لە کاتژمێرێکی ئاسـایی و دیجیتالـی پێکـەوە. شاشەکەی ١,٢ ئینجە، رامەکەی ٧٦٨ میگابایتە. میمۆرییەکەی ٤ گیگایە. بەڵام سیستەمی GPS نییە.



## لە بری پاسۆرد بۆ کۆمپیوتەر

**کۆمپیوتـەر و مۆبایـل لـەم سـەردەمەدا ئەوەنـدە پێکـەوە بەسـتراونەتەوە، وەك دوانەیـەك دچـن، زۆر ئەرکـی کۆمپیوتـەر مۆبایـل ئەنجامـی دەدا، زۆر ئەرکیـش پێکـەوە ئەنجامـی دەدەن.**

**ئەمنییـەت لـە کۆمپیوتـەر و مۆبایلدا گرنگـە، بـۆ ئـەوەی کەسـێك دزە نەکاتـە نـاو زانیارییەکانت پێویستە پاسـۆرد واتە کـۆدی نهێنـی دابنێی، لـەم سەردەمەدا کۆدی نهێنیـەکان گەلێکن، وەك کردنەوە بـە ناسـینی روخسـاری بەکارهێنـەر، کردنـەوە و بـە پەنجەمـۆر، بـە هێمـا و وێنە...تـاد..**

**ئێسـتاکە بەهـۆی بەرنامەیـەك دەکرێـت هـەردوو**

## کامێرایەکی تایبەت فیلمیش دەکاتە وێنەی چاپکراو

فوجی ژاپۆنـی یەکێکـە لـە کۆمپانیـا ناسـراوەکانی بـواری بەرهەمهێنانـی کامێرای وێنەگرتـن، سـەردەمی خـۆی کامێـرای ئەنالۆگـی بەرهـەم دەهێنـا و ئێسـتاش کامێرای دیجیتالـی. کۆمپانیـای نابراو لەم ماوەیەدا کامێرایەکی بەنـاوی Instax Square SQ20 بەرهەمهێنا کە بێ ئاوێنەیە و هەر لەوکاتەدا وێنەکەت دەگرێ، وێنەکە لەسـەر کاغەزی تایبەت بەخۆی چاپ دەکات..

ئەگـەر بۆ رابردووی جیهانی کامێرا بگەڕێینـەوە، ئـەم جۆرە کامێرایانـە بـە پۆلۆرایـد ناسـرابوون کـە دوای گرتنـی وێنەکـە پێویسـتی بـە تاقیگـە نەبـوو، بەکەمتـر لـە خولەکێك وێنەکـە لـە کامێراکـە دەردەهـات.. ئێسـتا لەسـەردەمی دیجیتالیشـدا ئـەم کامێرایانـە بەجۆرێکـی دیکـە بەرهـەم هاتوونـەوە. کامێراکـەی فۆجیـش یەکێکـە لـەو جـۆرە کامێرایانـە کـە پرێنتـی تایبەتـی خـۆی هەیـە.

جیاوازی ئەم کامێرایە لەگەڵ گشت کامێرا هاوشێوەکانی ئەوەیە کە لە فیلمیـش وێنـە دەگرێـت، واتە تۆ ئەگەر فیلمێکت هەیە لەسـەر میمۆری خەزنـت کـردوە، دەکرێـت چ بەشـێکت مەبەسـتە بیکـەی بە وێنەی سـەر کاغـەز.. کامێراکـە دوو رەنگـی پەمەیـی و رەشـی هەیە، لە سیسـتەمی فۆرماتـی jpg پشـتیوانی دەکات، شـوێنی دانانـی سـەد وێنـەی هەیـە. هەندێك تایبەتمەندی دیکەی کامێراکە ئەوەیە چوار وێنە پێکەوە دەگرێت، دەتوانی وێنەی سێلفیشی پێبگری.



# بچووکترین کۆمپیوتەر لە جیهاندا



شکاندنی پێوانە لە جیهانی تەکنەلۆژیای سەردەمدا، تەمەنێکی زۆری نییە، بەهێزترین و تەنکترین و سووکترین و باشترین ئامێر هەمووی چەند مانگێك و جار هەیە چەند هەفتەیەك ناخایەنێت کە پێوانەکەی دەشکێت. ئێستاکە بچووکترین کۆمپیوتەر لە جیهاندا ئەو کۆمپیوتەرە بچووکەیە کە وێنەکەی دەبینن.

ئەم کۆمپیوتەرە بەرهەمی کۆمپانیایەکی چینیە، رایدەگەیەنێ کە ئەمە بچووکترین کۆمپیوتنەرە لە جیهاندا و تەنانەت لە کۆمپیوتەری جۆری La Frite یش بچووکترە و دە جاریش خێراترە.

قەوارەی کۆمپیوتەرەکە لە ٦,٤ و ٥,٥ سانت دایە. خێرایی کۆمپیوتەرەکە ٢ گیگاهێرتزە، رامەکەی یەك گیگابایتە و توانای لێدانی ڤیدیۆی فول ئیچ دی هەیە. لەگەڵ سیستەمی لینۆکس و ئەندرۆید دەگونجێت. شوێنی دانانی دوو USB و کێبڵێکی HDMI هەیە. نرخەکەی تەنیا ٥ دۆلارە..



# پەنجەمۆری مۆبایل بەکاربێنە

سیستەمی مۆبایل و کۆمپیوتەر پێکەوە گرێبدەی و هەر بە پەنجەمۆری مۆبایلەکەت، پەسۆردی کۆمپیوتەرەکەت بکەیەوە، واتە پەنجەمۆری مۆبایل بۆ کۆمپیوتەر بەکاربێنی. پێشووتر تەنیا سیتستەمی مۆبایلەکانی گەلەکسی سامسۆنگ ئەو توانایان هەبوو، بەڵام ئێستا بەهۆی پرۆگرامی Remote Fingerprint Unlock دەکرێت بۆ گشت مۆبایلێك کە سیستەمی پەنجەمۆری هەبێت، پەسۆردی کۆمپیوتەرەکەت بکەیەوە. سیستەمی مۆبایلەکە دەبێت لە ئەندرۆید ٦ بەسەرەوە بێت، بەڵام سیستەمی کۆمپیوتەر لە ویندۆز ڤێستاوە بۆ دەگونجێت.

# بیستۆکێکی تایبەت جی پی ئێسی تەندروستی هەیە



بیستۆك بەو ئامێرە دەگوترێت بۆ ئەوانەی کە ناتوانن بەباشی گوێیان لێبێت و گوێیان گران بووە، دەنگەکان بەرزتر دەکاتەوە و کێشەی نەبیستن ناهێڵێت.. بیستۆکی جۆری Livio AI Hearing Aid سەرەڕای ئەوەی کە ئامێرێکی پێشکەوتووە بۆ نابیستان، دەتوانێت وەك دۆزەرەوەیەکی و راهێنانێکی لەش رێکی سوودی لێوەربگیردرێت.. بۆ نموونە ئەگەر بەکارهێنەرەکەی چووە شوێنێك و ماڵەوەی پێ نەزانیوە، نزیکانی نابیستەکە دەتوانن هەر لە رێگای موبایلەکەیان و بیستۆکەکەوە بزانن بەکارهێنەرەکە ئێستا لە کوێیە...

بەشێکی گرنگی بیستۆکی ناوبراو ئەوەیە کە سمارتە واتە بۆ بەرزونزمکردنی دەنگ پێویست ناکات بەکارهێنەر بە دەست بەرز و نزمی بکات، بەڵکو ئۆتۆماتیکی دەنگەکان نزم و بەرز دەکرێن و بەجۆرێك کە لەگەڵ گوێی نابیستەکە بگونجێت..

تایبەتمەندییەکی دیکەی بیستۆکەکە ئەوەیە کە هەنگاوەکانی بەکارهێنەرەکەی دەپێوێت و مەودای رۆیشتنەکەی دیاری دەکات. لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێت و بەهۆیەوە لە سیستەمی ئەلیکسا بۆ بڵاوکردنەوەی مۆسیقا و تەلەڤزیۆن سوودی لێدەبیندرێت، بەکارهێنەر حەزی لە هەر گۆرانییەکە دەتوانێت داوای لێبکات، یان داوای لێبکات هەواڵەکانی بۆ بخوێنێتەوە و زانیارییەکانی پێ بڵێت.




# شەحنکەرەوەیەکی جۆکەر

شـەحنکەرەوە بۆ مۆبایل، وەك پزیشـك بۆ نەخۆش وایە، ئەگەر شـەحنکەرەوە نەبێت، مۆبایل یان ئەو ئامێرانەی کە پێویسـتیان بە شـەحنکردنەوەیە هیچ سـوودێکیان نییە. شـەحنکەرەوەکان زۆر جۆریان هەیە، پێشووتر هەر کۆمپانیایەك بۆ مۆبایل یان ئامێرەکانی خۆی، شەحنکەرەوەی تایبەتی خۆی هەبوو، بەڵام چەند ساڵێکە ستاندرەرێکی جیهانی بۆ شـەحنکەرەوە دروسـت بووە و هەموو کۆمپانیاکان لەسـەر بەرهەمهێنانی یەکجۆر شەحنکەرەوە رێك کەوتوون.

لەگەڵ ئەوەشـدا ئامێری شـەحنکەرەوە گەلێکن، یەکێك لەوانە شـەحنکەرەوەی بێ وایەری HyperCube ە، تەنیـا ئەرکێـك ئەنجـام نـادا و بگرە بۆخـۆی جۆکەرێکە، چەندین ئامێر بەبـێ وایەر لە یەك کاتدا شەحن دەکاتەوە، بە وایەریش چەند ئامێرێکی دیکە.. لە یەك کاتدا شەش ئامێر بە وایەر و بێ وایەر شـەحن دەکاتەوە. ئەم ئامێرە تەنیا شـەحنکەرەوە نییە، بگرە کاتژمێرێکی سـەرمێزی سەرنج راکێشە و زەنگدارە و لەکاتی پێویستدا وەئاگات دێنێ، جگە لەوەش لەوکاتەیدا کـە بەکارهێنـەر خەریکە بخەوێ، لە کتێبخانـە دیجیتاڵییەکەی خۆیدا بە دەنگ کتێبـی بـۆ دەخوێنێتەوە، لەگەڵ سیسـتەمی دەنگی ئەلکیسـا دەگونجێت و فەرمانەکان بە دەنگ ئەنجام دەدات..



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکـی بەرێـز دەپرسـێت، ئەگـەر لاپتـۆپ بـەردەوام لـە شـەحن دابێـت ئایـا باترییەکـەی کێشـەی بـۆ دێتـە پێـش یـان نـا؟

خوێنـەری بەرێـز، ئامێـرە ئەلکترۆنییـەکان لـە رێـگای باتریـیـەوە وزە وەردەگـرن، ئەگـەر باترییەکەیـان گەیشـتنە بەتـەواوی پـڕ دەبنـەوە، ئۆتۆماتیکـی وزە لـە باتریـیـەوە دەگۆڕێـت بـۆ سـەر کارەبـا، تەنانـەت ئەگـەر تەواویـش شـەحن نەبنـەوە، وزەی کارەبا هـەم باتـری شـەحن دەکاتـەوە و هـەم باتـری دەدات بـە لاپتـۆپ.. هـەر باترییـەك تەمەنێکـی دیاریکـراوی هەیـە کـە بـە کاتژمێـر دەپێوردرێـت، بـۆ نموونـە دەگوترێـت ئـەم باترییـە بەشـی چوارهـەزار یـا هەشـت هـەزار کاژمێر دەکات، یا هەر ژمارەیەکی دیکـە، ئیدی ئەگـەر ئـەو ماوەیـە تـەواو بێـت باترییەکـەش تەمەنـی خـۆی کـردووە، گەرمداهاتـن باتـری خـەراپ دەکات، جـا چ کارەبـا بێـت یـان کـەش و هـەوا، هەرچەنـدە پێویسـتە مانگـێ جارێـك باتـری سـەر لاپتۆپەکـەت بـە تـەواوی شـەحنەکەی دابەزێنـی و پـڕی بکەیـەوە..

# پرۆگرامێک بۆ گۆڕینی فۆرماتە ڤیدیۆییەکان

پرۆگرامگەلێکـی زۆر هەیـە بـۆ گـۆڕینـی فۆرماتەکانـی فایلـە ڤیدیۆیـەکان و هەروەهـا بـۆ دەسـتکاری کردنـی فایلێکـی ڤیدیۆیـی، هەرکامیـان توانـا و تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە، زۆرجاریـش هـەر لـەم فایلـەدا یەکێـك لـە پرۆگرامەکانـی تایبـەت بـەو بەشـەمان ناساندووە. یەکێکی دیکە لە پرۆگرامەکانـی تایبـەت بـە گـۆڕینـی فۆرماتـە ڤیدیۆییـەکان، پرۆگرامـی Won-dershare Video Converterە، ئـەم پرۆگرامەکـە توانایـی و خێراییـەکـی باشـی هەیـە لـە گـۆڕینـی فۆرماتـە دەنگـی و رەنگییـەکان، هیـچ فۆرماتێك نییـە بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە بـۆ فۆرماتێکـی دیکـە نەگۆڕدرێت. هەروەهـا دەکرێت فۆرماتـی دیڤیدییـەکان بگۆڕدرێـت و دەسـتکاری فایلـەکان بکات، دانای ئێفێکتـی جۆراوجۆر، ئیمکانی پەیوەنـدی لەنێـوان دوو سیسـنەمی دەنـگ و رەنـگ تایبەتمەندییەکـی دیکـەی پرۆگرامەکەیـە. لەگـەڵ زۆربەی سیستەمەکانیش دەگونجێت.





# ئەی ئاوێنەی جادوویی ئێستا چۆنم؟!

ئاوێنەی سیحری تەنیا لە ئەفسانەکاندا هەیە، بەڵام زۆربەی بیرۆکەی ناو هەقایەت و چیرۆکە ئەفسانییەکان لە جیهانی واقیشعدا رەنگیان داوەتەوە و سیمورغ و چەرخ وفەلەکی سیحری و ئاوێنەیی جادویی بە راستی لە دونیای واقیشعدا هەن!

ئاوێنەیەکی هۆشمەند بەناوی himirror بەرهەم هاتووە، ئاوێنەیەك کە بەهۆی کامێرا بەهێزەکە لەگەڵ ئەوەیدا روخسارت دەردەخا وێنەشت دەگرێ، بەڵام هەر ئەوەندە نییە، دەکرێت مەودا دوورەکانیشی پێ ببینی، لەگەڵ کەسێکی نزیکت کە هەمان ئاوێنەی هەیە دەکرێت یەکتر ببینن، ئاوێنەکە رەنگی پێستت شی دەکاتەوە و ئەگەر هەر گۆڕانکارییەك بەسەر پێست و روخسارتدا هەبێ ئاگادارت دەکاتەوە، خانمان دەتوانن بەرلەوەی خۆیان ئارایش بکەن، روخساریان بە ئارایش کراوی لە ئاوێنەکەدا ببینن، هەروەها پەڵە و گنجەکانی روخسارت بۆ دەردەخا و رێنوێنیت دەداتی بۆ چۆنییەتی چارەسەرکردنی، هەر ئەوەندەی ماوە بڵێی ئەی ئاوێنەیی جادوویی ئێستا من چۆنم؟



## ماڵپەڕێک بۆ دیزاینی خانوو و دیکۆڕی ماڵەوە

بۆ دیزاین و نەخشەسازی ماڵەوە پێویستە ئەندازیارییەکی ئەم بوارە ئەرکەکە ئەنجام بدات، بەڵام ئەگەر خۆت حەزت لێیە بۆخۆت ئەم کارە بکەی و شارەزاییت لەم بوارەدا هەیە، سەر لە سایتی https://home.by.me/en/ بدە.. لەم ماڵپەڕەدا تەنیا نەخشازی خانوو و باڵەخانەی تێدا نییە، بگرە خاڵی گرنگی دیزاین و دانانی دیکۆراتی ماڵەوەیە، واتە پاش دیزاینی خانوو، چ دیکۆڕێك بۆ ماڵەوە دادەنێت.

لە سەرەتادا بەشێوەی دوو رەهەندی و بەشێوەی هێڵکاری نەخشەی ماڵەوە و دیکۆراتی ناوەوەی دەکێشیەوە، پاشان کە پرۆژەکەت تەواو کرد، دەکرێت بە داگرتنی فەرمانێك نەخشەکەت بەشێوەی سێ رەهەندی لێبکەی و بە واقیعی ببینی.. ئەم ماڵپەڕە و هاوشێوەکانی زیاتر بۆ ئەوانەیە کە شارەزای ئەم بوارەن، یان ئەو کەسانەی حەز دەکەن لە پێشدا و بەرلەوەی خانووەکەیان دابندرێ نمایەك لە دیکۆراتی ناوەوەی ببینن..

# تەنکترین کرۆم بوک لە جیهاندا

دەستەواژەکانی، تەنکترین، بەهێزترین، باشترین، سەختترین...تاد ئەو وشانە کە بۆ پێوانەی ئامێرە دیجیتالییەکانی سەردەم بەکار دەهێندرێن و وەك تایبەتمەندی گرنگ سەیریان دەکرێت، پێشتریش ئاماژەم پێداوە کە تەمەنی ئەو دەستەواژانە زۆر کورتن و رەنگە کۆمپانیایەکی دیکە ئەم پێوانەیە بشکێنێت.

لەم سەردەمەدا تەنکترین کرۆم بووك، کرۆم بووکی جۆری (HP x360 14) ە کەلەلایەن کۆمپانیای HPیەوە بەرهەم هاتووە. هەرچەندە هەتا ئێستا ئەپل وەك کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی کرۆم بووك لە ریزی سەرکەوتووەکاندا بووە، بەڵام وەك دەڵێن لە لوتکەی سەرکەوتندا بۆ هەمیشەیی نییە.

کرۆم بوکی ئاماژە پێکراو، شاشەکەی ١٤ ئینجە، هەروەها دەکرێت ٣٦٠ پلە بە دەوری خۆیدا بسوڕێت.

شاشەکە فول ئیچدی و تەواو لەمسیە. پرۆسیسەری نەوەی هەشتەمی core i5 ئەنتەلی لەسەرە، رامەکەی هەشت گیگابایتە و SSD میمۆرییەکەی ٦٤ گیگابایتە. شوێنی دوو کێبڵی USB هەیە، یەکێکیان تایبەتە بە مۆبایل و هاوشێوەکانی. خاڵی گرنگی کرۆم بووکەکە ئەوەیە کە بارستاییەکەی تەنیا ١٦ ملمە.

